## شازی خەبەر.. مەریوان نەقشبەندی



بڵاوكراوەیەكی ئیسلامیم بینی بەمانشێتی گەورە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە سێسەد و قسوور (مەریوان ناو) لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی لەسنووری پارێزگای سلێمانی ناوی خۆیان گۆڕیوە بۆ (محمد) ، لەدرێژەی هەواڵەكەشدا هاتوە كە (144) ئافرەتی سفور هەر لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی و ڕۆژنامە دانیماركییەكە بوون بە موحەججەبە!!، وەك بۆشیان باس كردم ئیمام و خەتیبێك لەمزگەوتێكی سنووری پایتەختی هەرێمی كوردستاندا هەمان هەواڵی لە خوتبەی هەینی دا بۆ ئامادەبووان دووپات كردۆتەوە، من هیچ تەعلیقێكم بەرامبەر هەواڵی ناوگۆڕینەكان نییە تەنها ئەوەندە نەبێت دەڵێم من ناوی خۆمم نەگۆڕیوە و هەتا ماوم شانازی بە مەریوان وبە شاری (هەڵەبجە) دەكەم و زۆربەی ژیانیشم لەو شارەدا بەسەربردوە و ئەگەر لایەنێكی باش لەژیانمدا هەبێت ئەوا هەر لەهەڵەبجە فێربووم و پەروەردەی ئەو شارەشم، بەهیوای ئەوەشم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شارە شەهیدە و ڕۆژەكانی دوایی تەمەنم لەوی بەسەربەرم، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ڕۆژنامەنووسێك پەیوەندیم بە چەند نەخۆشخانە وشوێنی ناوتۆماركردنی منداڵان لەهەولێری پایتەخت كرد و پێیان ڕاگەیاندم كە تەنها لەیەك هەفتەدا 13 منداڵی تازە لەدایكبوو ناویان نراوە (مەریوان) و كاتێكیش بەتەلەفون پرسیارم لەو مەریوان ناوانە كرد كە خەڵكی سنووری پارێزگای سلێمانیین و هاوڕێی خۆمن كەئایا ناوی خۆیان گۆڕیوە؟ زۆر سەریان لەپرسیارەكەم سوڕما و بەپێكەنینەوە (نەخێر) یان وەڵام دامەوە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە مەسەلەی بە موحەججەبەبوونی 144 ئافرەتی سفورە كە وەك ئەو بڵاوكراوە ئیسلامیەی یەكێتی زانایانی كوردستان (هەولێر) نوسیوێتی وەك هەڵوێست وەرگرتنێك بووە دژی سوكایەتیكردنەكەی ڕۆژنامەیەكی دانیمارك بە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) لەگەڵ بڵاوبوونەوەی كتێبێكی مەریوان هەڵەبجەیی یان (ڕۆشنبیرە حەیوانەكە) هەروەك جەماعەت ناویان لێناوە.

من نازانم ئەو ئامارە چۆن و لەكی و لەكوی وەرگیراوە؟!. خۆ ئەگەر ئەم هەواڵە بەژمارەكانیەوە ڕاست بێت ئەوا من دەستخۆشی لە ئامادەكار یان (دروستكەری) هەواڵەكە دەكەم و زۆر مەمنون دەبم ئەگەر موحازەرەیەك بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردستان ساز بكات چونكە لەمەسەلەی ڕاپرس و ئاماردا زۆر لاوازین و زۆر گرنگە لەئامار شارەزایی پەیدابكەن هەتا بزانین ژمارەی ئەو جەلیكانە نەوت و بەنزینانە چەندن كە مەسئوولەكان بەدزیەوە حەواڵەی بەنزینفرۆشەكانی سەر جادەكانی كوردستانی دەكەن، و بزانین دوای بارانە زۆرەكەی ئەم دواییە چەند پرۆژەی حكومەتی هەرێم بە ساغی ماوەتەوە؟.

ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك توانیبێتی بزانێت و دڵنیابوبێت كە 144 ئافرەتی سفوری پارێزگای سلێمانی لەداخی مەریوان هەڵەبجەیی و دانیمارك، بوون بە موحەججەبە، ئەوا من بەبێ ئامار و خۆماندوكردن گەرەنتی ئەوەتان دەدەمی لەهەولێر یەك ئافرەتی سفوری تێدا نەماوە و ئەوانەی خۆشیان لەسەرەتاوە موحەججەبە بوون ئێستا وەك ئافرەتانی بزوتنەوەی تالیبانیان لێهاتوە،

کاکی برام تکاتان لێدەکەم واز لە هەواڵی بێسەروبەر و بێمانا بهێنن، ئێرە فەللوجە و قەندەهار نییە تا لەوتاری هەینیدا مەلاکان سیاسەتی دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوەیەك دیاری بکەن، ئەگەر کاروباری بەڕێوەبردنی حکومەت و چارەنووسی نەتەوەی کورد لەسەر بنەمای دوژمنایەتیکردنی کاریکاتێرەکانی رۆژنامەیەکی دانیمارك و (رۆشنبیرێکی حەیوان) ڕێچکە دەگرێت، ئەوا هەرلەئێستاوە با (فاتحە) یەك لەسەر حکومەتی یاسا و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بخوێنین، ئەگەر هەواڵی رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان بەم جۆرە هەواڵانە پڕ بکەینەوە ئەوا من پەشیمانم لەهەر حەرفێك کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستاندا نووسیومە و بڵاوم کردۆتەوە...

Mariwan_na@yahoo. com